# پتر بێدەسەڵاتکردنی دەسەڵاتی چوارەم

**گۆران هەڵەبجەیی**



لەکن ئەو ڕژیم و دەسەڵاتانەی کە نرخ و بەها بۆ کایە ڕۆشەبیری و کۆمەڵایەتەیەکانی دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی خۆیان دانانێن ، هەر بزوانێکی ڕەخنەگرانە لە لایەن ئەو کایانەو بە ئاراستەی ئەوان بە مەترسی دادانین بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان.
هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبینین ئەو جۆرە ڕژێم و دەسەڵاتانە بەردەوام لە هەوڵی خەفەکردنی هەر دەنگێکدان کە تۆنی ڕەخنەی جددیوهەڵدانەوەی سەرچاوە گەندەڵیەکان وسیاسەتە نادروست و چەوتەکانی تێدا هەست پێدەکریت.
دیارە ئەم جۆرە تێڕوانین وبۆچوونانە تەنها لەکن ئەو حیزب وحکومەتانە پەیڕو دەکرێت کە دەیانەوێت بەهەرجۆرێک بێت هەموو دەسەڵاتەکان لای خۆیان کۆ بکەنەوەو خۆیان چۆنیان گەرەکە وا ئاراستەی بکەن . خۆگەرنەتوانرا دەزگایەک یا لایەنیک یا کەسیک یا دەنگێک کۆنترۆڵ بکەن و بیخەنە بازنەی بەرژەوەندیەکانیانەوە، ئەو دەمە فشارو ترس ولێدان و سوکایەتی بەکار دەهێنن، یا چەندین کۆت و بەند بە جۆری یاسا دەهیننە ئاراوە بۆ دەمکوت کردن و کەمکردنەوەی کاریگەریەتیان .ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە پێدانی ئیمتیازوکڕینی ویژان وگەندەڵکردنیش جۆرێکی دیکەی سیاسەتیانە بۆ نەهێشتن و کپکردنی دەنگی نارەزا.

کاری ڕۆژنامەگەری و میدیا بەگشتی بە دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، کە دوای دەسەڵاتەکانی تەشریعی و بەجێگەیاندن و دادوەری دیت.
ڕاستە ئەو سی دەسەلاتە فەرمین و دامەزراوەیی حکومین و بە پێی یاسای دیاریکراو ئەرکەکانیان ڕادەپەرینن، لی دەسەلاتی میدیا هیچ جۆرە دەسەلاتیکی فەرمی نیە، لەراستیشدا نە پەیوەندی بە دامودەزگای حوکمەت و نەبە هیچ جۆرە دەسەلاتێکەوە هەیە. بەڵکو ڕاستربێژم وەک چاودیریک بەسەر ئەو دەسەلاتانەوەکار دەکات کەلەسەرەوە ئاماژەم پێدان ،هەربۆیەش پێی دەڵین دەسەلاتی چوارەم . واتە کاری ڕۆژنامەگەری دەسەڵاتێکی مەعنەوی سەربەخۆیە بەسەر هەموو کایەکانی دەسەلات و کۆمەڵگەدا.
بێگومان ئەم پێناسە ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە ڕێزی تایبەت لە کاری ڕۆژنامەگەری دەگرن و بە پێویستیشی دەزانن بۆ پێشڤەچوونی کۆمەڵگەکەیان.
لەو وڵاتانەدا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە خۆی بکات بەهەردائیرەوددامەزراوەیەکی حکومیداو داوای بەڵگەنامەو هەر شتێک بکات کە پێویستەیەتی بۆ ئەنجامدانی ریپۆرتاژێک یابەدواچونێک.
بەکورتی و کوردی ڕۆژنامە نووس پیگەیەکی گرنگی هەیە کە لە سەرۆک وەزیرانەوە تا گچکەترین فەرمانبەرحسابی بۆدەکات ، بەئەندازەیەک کە لەهەندی حاڵەتدا دەگاتە ترس لە ڕۆژنامەنووس .
لێرەشدا مەبەست لەترس ئەوەیە نەکا یەکێک لەو پلەدارە حکومی یا حیزبیانە پیان خواردانێن یا هەلەیەکی بچوک بکەن و لێیان بکەنە هەرا.

پاش ڕاپەڕین لەکوردستان میدیای ئاشکرا هاتە ئاراوە ،ئەم میدیایەش تەواوکەری و بەردەوامیەتی میدیای حیزبی شاخ بوو، واتە ئەوانەی لە میدیای حیزبیدا کاردەکەن و دەیبەن بە ڕێوە هەمووکەسانی حیزبین یا نزیکن لە حیزبەوە ،کەواتە لە ژێر کۆنترۆڵی عەقڵیەتی حیزبدان وسیاسەت و فەرمایشی حیزبەکانیان پەیڕەو دەکەند.دیارە لەم جۆرە میدیایانەدا سنووری کار دیاریکراوەو ناتوانرێ ڕەخنەی جددی و قسەکردن لەسەر دیاردەدزێوەکانی سەرانی پارتەکە یا دەسەڵات بکرێ.بۆیە لە حاڵەتێکی وادا ڕەوشی ڕۆژنامەگەری پێشڤەچوون بەخۆوەنابینێت و لە ئاستێکدا دەوەستێت. هەربۆیە پەیدابوونی میدیای ئازاد واتە میدیای ئەهلی دەبێتە پێدوایستیەکی گرنگ بۆ گەشەکردنی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری وپرۆسەی دیموکراتی. ئەوەبوو پاش چەند ساڵیک وردەوردە میدیای ئەهلی پەیدابوو وە چەنددەزگایەکی ڕاگەیاندنی نا حیزبی هاتنە مەیدانەوەو ژیانی ڕۆژنامەگەری گۆڕانکاریەکی بەسەرداهات و گوورووتینێکی تێکەوت.لی ئەم دیاردەنوێیە هەروا بێ کێشە نەبوو بەڵکە هەر لەسەرەتادا چەندین ئاستەنگی لەلایەن دەسەلات و حیزبەکانەوە بۆ درووست بوو، چونکە ئەستەمە بۆ حیزبێک یا دەسەڵاتێک قەبووڵی جۆرەڕەخنەیەک بکات کە پێشترلێی نەکراوەو نەبووەتە کەلتوریک بۆی ، بەڵکو هەردەم چاوەرێی پیاڵدان و ستایش بووە. هەربۆیە ئاستەنگ درووستکردن بۆ میدیای ئەهلی بووە کارێکی بەردەوام و ڕۆژنامەنووسان بوونە ئامانجی ئەو جۆرە عەقڵیەتە.زۆر جارئەم مەسەلەیە لە حاڵەتە شارستانیەکەی دەرچووە کە سکالاتۆمارکردن بووە لەسەر ڕۆژنامە نووسان، گەشتووەتە ڕادەی سوکایەتی و هەرەشەی تەلەفونی و تەنانەت فڕاندن وزیندانی و لێدانیش .

ئەم کردارە چەوت و ناسارستانیانە وای لە زۆرێک لە ڕۆژنامە نووسان کرد کە بە حەزەرەوە مامەڵە لە گەڵ هەندێک مەسەلەی هەستیاردا بکەن، نەکا تووشی گرتن و هەرەشەبنەوە.لێ بە دیوەکەی دیکەدا ئەمە نەبووە هۆی خەفەبوون و نەمانی دەنگی بویری ڕۆژنامەی ئازاد بەرامبەر بە گەندەڵی و دزی و ناعەدالەتی و بەهەدربردنی سامانی وڵات لە لایەن زۆرێک لە بەرپرسە حیزبی و حکومیەکانەوە کە بە شێکیان ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەماندا دانیشتوون. پێدەچێت سەرچاوەی بڕیاری هاتنەئارای ئەم یاسایە دەرەوەی پەرلەمان بیت لە دەستڕۆشتوانی هەردووحیزبەکە، وە پەرلەمان تەنها بەردەبازێک بیت بۆ تێپەڕبوونی ئەو بریارە. مەبەستیش دیارو ئاشکرایە نەهێشتنی ئەو دەنگانەیە کە دەسەڵات سەغڵەت دەکەن و هاوڵاتیان لە مەسەلەهەستیارەکان ئاگاداردەکەنەوە. جا ئەم یاسایەی کە لە پەرلەمانەوە دەرچووە هەوڵیکە بەو ئاراستەیە وە گەر سەربگرێ لەئاکامد هیچ پەرواێزێک بۆ کاری ڕۆژنامەگەری هاوچەرخ و کاریگەر نامینێتەودەبێت فاتیحایەک بۆ ڕۆژنامەی ئازاد بخوێنین.

بێگومان لە هەر وڵاتێکدا میدیا ئازاد نەبیت ئیدی قسەکردن لە دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی خۆڵکردنە چاوی خەڵکە.

دیارە میدیای کوردی تاچەند سەربەخۆو ئازادبێت و تا چەندئەکتیف بیت هەرگیز ناگاتە ئاستی میدیای جیهانی پێشکەوتوو ،ئەویش بە هۆی کەم ئەزموونی راگەیاندنی کوردی وهاوکات بە هۆی ئەو جیاوازیە مەزنەی نێوان کوردستان و جیهانی پێشکەوتوو لە بوارەکانی ڕۆشنبیری وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و میکانزمی پەیوەندی نێوان دەزگاکانی میدیاو دەسەڵات و هاوولاتیان .بۆیە ناکرێت و نادرووستەبە یەک چاو سەیری کاری ڕۆژنامەگەری بکەین. گەر چاوێک بە مێژووی نزیکی ڕۆژنامەگەری لەو وڵاتەپێشکەوتووانەدا بخشینین دەبینین ڕەوتی ڕۆژنامەگەری لە ئاستیکی بەرزدایەو کاریگەری و جێچەنجەی بەسەرزۆر ڕوداو مەسەلەوە دیارە و لەکنیان بووەتەپێویستیەکی ڕۆژانە.

ڕۆڵی میدیابە گشتی و ڕۆژنامە بەتایبەتی لەم وڵاتانەدا هێندە کاریگەرە بەورادەیەی تا ئێستا بوونەتە هۆی هەرەس هێنانی چەندین حکومەت ودەست لەکارکشانەوەی وەزیرو بەداداگا گەیاندنی چەندین بەرپرسی بالا ،ئەویش بەهۆی ئاشکراکردن وبەدواچوونیان لەسەر زۆر کاری دژ بەیاساو ناشەرعی نادرووست کە لە دەزگاکانی میریەوە کراون،

ئەو دەسەڵاتەی کەلەجیهانی پێشکەوتوودا بە میدیا دراوەو بە چوارەم ناوبراوە، لە کوردستاندا نەک هەر ئەو دەسەڵاتەی نیە بەڵکە ڕێز لە بوونیشی ناگیرێت وەک دەزگایەکی سەربەخۆ، ئەوەی هەیە تەنها نوزەیەکەو هەوڵیدەدابێتە دەنگێکی بیسراوبڕێک دەسەڵات بۆ خۆی بپچڕێت ، لێ بەداخەوە پەرلەمان بەم کارەی گەرەیکەتی ئەو دەسەڵاتەکەمەی هەیەتی لێی بسەنێتەوە.

سەیر لەوبڕگانەدایەکە لە دووتوێی یاساکەدا هاتوون کە بە هۆیەوە دەیانەویت دەنگی
ڕۆژنامە نووسان ببڕن، هێندە تەمومژاوین هێندە نالۆژیکن کەتەنانەت لە نیو پرنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەگەری وڵاتە دواکەوتووەکانیشدا جێیان نابێتەوە و ناشێ بکرێنە بەهانە بۆ سانسۆرکردن و لەقاڵبدانی میدیا، بەوەی هیچیان بنەمایەکی یاساییان نیە و هەموویان لاستیکین. هەر بڕگەیەک یا خاڵیک لەو یاسایە دەکریت لە کەسیکەوە بۆ کەسیکی تر یا لە دەزگایەکەوە بۆدەزگایەکی تر لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە لێکدانەوەو شرۆفەی جیواز هەڵبگرێت. خۆ ئەمە ژماردن نیە بڵێین یەک و یەک دەکاتە دوو ئیدی کەس ناتوانێت بڵێت دەکاتە سێ. دەشێ مەسەلەیەک لای کەسیک پیرۆزبیت لای کەسیکی دیکە نا ،یا کەسێک حیزبێک رەخنەی ڕۆژنامەیەک بە سوکایەتی لێکبداتەوە بەڵام یەکێکی دیەکە لایەنێکی کە بە ڕەخنەیەکی جددی بزانێت ،یاخود رەخنە لە ئاین و خەتیب و مەلاکان بۆ بخرێتە نێو سوکایەتی بە ئیسلام.خۆ ناکریت ئاینێک بەر لە 1500ساڵ لە ئارادابووە ئێستاش بە هەمان میتۆدو ئەقڵیەت بۆچوون خوێندنەوەی بۆ بکریت ،بێگومان دەقی وای تێدایە کە جێگەی ڕەخنەیەو لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی ئەمرۆمانداناگوونجێت و پێویستی بە دراسەکردنی نوی هەیە ،جا گەر ڕۆژنامە نووسێک ئەمە باس بکات بۆ بە بیانوی سوکایەتی بە ئاین بدرێتە دادگا، یا لەلایەن توندرەوەکانەوە خوێنی حەڵاڵ بکریت. یا بۆدەبێت ڕەخنەگرتن لە مەلایەک کە خەڵک هاندەدات بۆ کاری ئیرهابی بە شێوازێکی دیکە لێکبدرێتەوە.یاخود بۆ دەبێ بەرپرس و سەرکردەکانمان هێندە پیرۆز بکرێن کە ئاماژەکردن بە هەڵەکانیان لە راگەیاندندا ببێتە تاوان .بەرای من هیچ کەس و لایەن و ئاینێک لەسەری ڕەخنەوە نیەو هیچ پیرۆزیەکیش ڕەها نیە، بەڵکو دەبێت ڕێز جێگەی ئەمانە بگرێتەوە.
بەڕستی شەرمەزاریەبۆ پەرلەمانێک لەبری بەهیزکردنی رایەڵەکانی ڕاگەیاندن وئەکتیڤ کردنی ڕۆڵیان وگرۆیی کردنی ڕۆژنامەنووسان و بەرزنرخاندنی ماندووبوونیان وهەوڵدان بەجدی بۆ کردنیان بە دەسەلاتی چوارەم، کەچی دێن یاسایەکی وا دەهێننە ئاراوە کە گەرەکیانەبەهۆیەوە ئەو دەسەڵاتە کەمەی هەیەتی کەمتری بکەنەوە.

halabja@ofir.dk